ئەفسانەی گریی ئۆدیپ

وەرگێڕانی: ڕەمەزان حەمەمین

26582

کتێبخانەی سۆفیا - گۆیە

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

•ناوی کتێب: ئەفسانەی گرێی ئۆدیپ.
•نووسەر: علی أحمد باکیر.
•وەرگێڕ: ڕەمەزان حەمەدمین قادر.
•بابەت: گرێی ئۆدیپ.
•خوێندنەوە و هەڵەچنی: ئەحمد حمزە.
•ساڵی چاپ: ٢٠١٥.
•چاپخانەی: ڕۆژهەلات/ هەولێر ٠٧٥٠٤٦٣٩٥٣١
•تیراژ:(١٠٠٠) دانە.
•نرخ:(٦٠٠٠) دینار.
•چاپی: یەکەم .
•لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٩٦)ی ساڵی (٢٠١٥)ی پێدراوە.

تێبینی:

هەموو مافێکی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ وەرگێڕ، هیچ کەس و لایەن و کتێبخانە و ناوەدێکی دیکە، مافی کۆپیکردن یان لەچاپدانەوەی نیە، بە پێچەوانە ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی یاسایی دەبێتەوە.

Facedoo"www.ramazanhamadamin@yahoo.com"
٠٧٧٠١٩٠٩٦٥٧ ٠٧٥٠٣٤٣٠٦٣٦

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی:

گرێی ئۆدیپ ئەفسانەیەکی تراژیدیە، لەلایەن (سۆفۆکلیس)ی گەورە نووسەری یۆنانی نووسراوە، لەبنەماوە ئەفسانەیەکی کۆنی یۆنانە، لەسەر زاری خەڵک گێڕدراوەتە بە شێوەی پشتاوپشت، لەلایەن گەلی یۆنان گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، (سۆفۆکلیس) بە فۆرمێکی تراژیدی دەینووسێتەوە، هەڵبەتە ئەم ئەفسانە تراژیدیە، یەکێکە لە شاکارە ناسراوەکانی یۆنان و جیهانە، زۆرترین توێژینەوەی لەسەردەمی رۆشنگەری و هاوچەرخ لەسەر کراوە، توێژینەوەکان لە رووی "دەروونی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی"بووینەوە.

ئەفسانەی گرێی ئۆدیپ بە گشتی رەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ لەسەردەمێکی مێژووی دەخاتە روو، کە خۆی لە"شەڕی نێوان دەسەڵاتەکان، دادپەروەری، خیانەت، تاوان، داوێنپیسی، نەفرەت، ئازار، قەدەر"، بەرجەستە دەکات.

بنەمای سەرەکی ئەم ئەفسانە تراژیدیە گرێی (ئۆدیپ)ە... ئەو گرێیەی بە ئەبەدی ناکرێتەوە و مرۆڤ بە بیستنی دەهەژێت، لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان دوو پاشا، لەسەر دەسەڵات بەرجەستە بووە، کاتێك پۆلیبی پاشای کۆرنیش هەوڵدەدات منداڵێکی هەبێت، بەڵام کاهینی پەرستگای دلفی پێی دەڵێت: دەمریت و منداڵت نابێت، بەم هەواڵە زۆر رەشبین و نائومێد دەبێت، بە تایبەتی کاتێك دەبیستێت پاشا لایۆسی تیبە، لە شارێنە جۆکاستای هاوسەری منداڵێکی کوڕی دەبێت، هاوکات ئەم دوو پاشایە، نەیار و دوژمنی یەکدی بوون، لەبار

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ئەوە پۆلیپ پاش دەچێتەوە پەرستگا و داوا لە کاهین لۆکسیاس دەکات، پێویستە شتێك بکات تاکو منداڵێکی هەبێت!

لۆکسیاس پێی دەڵێت: تۆ و شازنە میرۆپ منداڵتان نابێت، بەڵام دەتوانم وابکەم ئەم منداڵەی(ئۆدیپ) ببێت بە کوڕی تۆ و لە کۆشکەکەت گەورە بێت، لە ڕێگای هەڵبەستانی (وحی) سروشێك بەناوی خواوەند (ئەپۆلۆن)، پۆلیپ لە بەرانبەر ئەو کارەی کاهین دەیکات(هەزار هەزار ڕۆبل)ی پێدەدات، کە دراوێکی ئەو کات بووە.

کاهین لۆکسیاس دەچێتە لای پاشا (لایۆس)ی نەیار و دوژمنی پاش پۆلیپ، پێی دەڵێت: بەپێی (سروش)ی ئەپۆلۆن، ئەو کوڕەی تۆ، دوای ئەوەی لەدایك دەبێت، کە گەورە بوو تۆ دەکوژێت و جۆکاستای دایکی مارە دەکاتەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات، هەروەها دەبێت بە پاشای تیبە، هاوکات بەهۆی ئەو تاوان و داوێنپیسی و نەفرەتە، گەلی تیبە ڕووبەڕووی ئازار و برسیەتی و نەهامەتی دەبنەوە.

لەبەر ئەوە لایۆسی پاشا دوای ئەوەی (ئۆدیپ) لەدایك دەبێت، ڕادەستی شوانێکی متمانە پێکراوی خۆی دەکات، هەروەها فەرمانی پێدەکات لە دەرەوەی شار بیکوژێت، بەڵام شوانەکە نایکوژێت، بەڵکو بەپێی پیلانێکی دارێژراو کە لەلایەن کاهین لۆکسیاس دارێژاربوو، ڕادەستی شوانی تایبەتی شانشینی کۆرنیشی دەکات، شوانەکە ڕادەستی پاشا پۆلیپ و شازنە میرۆپی دەکات، ئۆدیپ لە کۆشکی کۆرنیش لەلای شازنە میرۆپ گەورە دەبێت، شازنە میرۆپ وەك کوڕی هەقیقی خۆی خۆشی دەوێت و پەروەردەی دەکات.

بەڵام کاهین لە خیانەت و تاوانکردن ناوەستێت، بەردەوام دەیەوێت (سروش)ە هەڵبەستراوەکەی خۆی جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوە بەردەوام (ئۆدیپ) بە خەڵکی دیکە دەوروژێنێ و هاندەدات، ڕۆژێك یەکێك لە خزمەتکارەکانی بە فەرمانی

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

لۆکسیاسی کاهین پێی دەڵێت: تۆ کوڕی (لایۆس و جۆکاستای)، ئەگەر باوەڕناکەی لە کاهینی پەرستگای دلفی پرسیار بکە، بۆیە ئۆدیپ لە کاهینی لۆکسیاس دەپرسێت "باوک و دایک"ی هەقیقی من کێن؟

لۆکسیاس لە وەڵامدا دەڵێت: لایۆس باوکتە و جۆکاستا دایکتە، بەڵام بەپێی سروشی ئەپۆلۆن تۆ باوکی خۆت دەکوژی و دایکی خۆت مارە دەکەیەوە، لەبەر ئەوە باوکت ویستی تۆ بکوژێت، تاکو ئەم تاوان و داوێنپیسییە روونەدات، بەڵام قەدەر و ویستی خواوەند رەتنابێتەوە، هەروەها کەس ناتوانێت بێگوڕێت. لەبەر ئەوە ئاگادارت دەکەمەوە نەچیت بۆ شاری تیبە، بە پێچەوانە باوکی خۆت دەکوژی و دایکت مارە دەکەیەوە، ئۆدیپ زۆر بە قسەکان بێزار دەبێت، لە کۆتاییدا بڕیاردەدات، بچێتە شاری تیبە، بۆ ئەوەی سەری باوکی ماچ بکات. هەروەها سروشی ئەپۆلۆن بە درۆ بخاتەوە، بەڵام لۆکسیاسی کاهین کاتێک دەزانێت ئۆدیپ سورە لەسەر چوون بۆ شاری تیبە، دچێت لایۆسی باوکی هەقیقی ئاگادار دەکاتە، کە کوڕەکەی لە مردن رزگاری بووە، ئێستا بە رێگاوەیە، دەیەوێت بێتە شاری تیبە و تۆ بتکوژێت و جۆکاستای دایکی مارە بکاتەوە.

لایۆس نایەوێت ئەم تاوان و داوێنپیسییە رووبدات، لەبەر ئەوە بڕیار دەدات ئۆدیپ بکوژێت، کاتێک رووبەڕووی یەک دەبنەوە، ئۆدیپ زۆر بانگی دەکات باوک ... من کوڕی هەقیقی تۆم، هاتووم سەری تۆ و چاوی دایکم ماچ بکەم، بەڵام بەهۆی کاریگەری کاهین لۆکسیاس و پیرۆزی لەلای خەڵک بەگشتی و پاشا لایۆس بە تایبەتی، متمانە بە کوڕەکەی ناکات، بەردەوام هەوڵی کوشتنی دەدات، ئەگەر چی ئۆدیپ تەنها بەرگری دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا لایۆس دەکوژێت!

ئۆدیپ بە دەروون شکاوی دەگەڕێتەوە، کاهین دووبارە ئاگاداری دەکاتەوە، نەچێتەوە بۆ تیبە، بە پچێەوانە دایکی خۆی مارە دەکاتەوە، بەڵام هەوڵێک

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

بڵاوەبێتەوە، کە ئاژەڵێکی نامۆ و ترسناک، لە دەرەوەی شورای شاری تیبە خەڵکێکی زۆری کوشتووە، رۆژێك ئۆدیپ دەچێت ئەو ئاژەڵە نامۆ و درندەیە بکوژێت، کە دەیان خەڵکی شاری تیبەی کوشتبوو. بەپێی یاسای تیبە ئەوەی ئەم ئاژەڵە لەناو ببات، دبێتە پاشای تیبە و شاژنە جۆکاستا دەبێتە هاوسەری، قەدەر وابوو ئۆدیپ ئاژەڵە درندەکە لەناوببات، لە پاداشتی ئەو کارەی دەبێتە پاشای تیبە و شاژن جۆکاستای دایکی مارە دەکاتەوە.

دوای (١٧)ساڵ لە هاوسەرگیری لەگەڵ دایکی خۆی، کە (٤) منداڵیان هەبووە، برسیەتی و ئازار و نەخۆشی روو لە تیبە دەکات، لە بەرانبەردا پەرستگا خاوەنی زۆرترین سەروەت و سامانە، بەڵام پەرستگا هۆکاری ئازار و برسییەتی و نەخۆشی خەڵك بۆ بوونی تاوانبار و داوێنپیسێك لە شاری تیبە دەگێڕێتەوە.

ئۆدیپ دەیەوێت دەست بەسەر سەروەت و سامانی پەرستگادا بگرێت و بەسەر خەڵکی هەژار دابەشی بکات، بۆیە کاهین هەڕەشەی ئاشکراکردنی نهێنی کوشتنی باوك و مارەکردنەوەی دایکی لێدەکات.

بەڵام کاهینی چاکە خواز (ترزیاس) هەقیقەتی رووداوەکان دەزانێت و یارمەتی ئۆدیپ دەدات، لە چۆنییەتی رووبەروو بوونەوەی کاهین لۆکسیاس و ئاشکراکردنی راستییەکان..... خوێنەری بەڕێز سەرجەم پرس و گرفتەکان چارەسەر دەبێت، زۆربەی تاوانبارەکان رووبەرووی سزاری شایەستەی گەل دەبنەوە، بەڵام تاوان و داوێنپیسی ئۆدیپ، کە باوکی خۆی کوشتووە و دایکی خۆی مارە کردوەتەوە، بوو بە گرێیەك تا ئەبەد "نەئۆدیپ، نەجۆکاستا، نەمرۆڤایەتی" دەتوانێت بیکاتەوە!!!

مامۆستا/ رەمەزان حەمەدەمین

"کۆیە - تشرینی دووەم - ٢٠١٤"

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library